

## حکومەتەبیٚ کارەباکەی پارتی و یەکیٚتی ،حکومەت نی یە،
## سەرمایەی ژیٚرچنگیان دەربهیٚنن، کوردستان رِووناك بکەنەوە

لە راپەرِینی 1991 وە دەسەلات و سەرمایەی کوردستان کەوتە ژیٚر چنگی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردەوە هەتا ئەمرِۆ کوردستان بووە یەکیٚك لەو ناوچانەی جیهان کە تا ئەمرِۆ کارەبای نەبووە. و لە تاریکیدا دا راگیراوە.

ئەم دیاردەیە ئەوە دەسەلمیٚنیٚت کە حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان کە نەك تەنها ناتوانن دەولەت و حکومەت دامەزریٚنن وتوانای بەرِیٚوەبردنی کۆمەلٚگایان نی یە بەلٚکو هەتا ئەمرِۆ سەرمایە و داهات و پارەو پوولی کوردستانیان تالاٚن و برِۆ کردووە و ئامادە نەبوون بیخەنە خزمەتی خەلٚکی کوردستانەوە.

هەر حزب و لایەن و دەسەلاٚت و حکومەتیٚك لە دنیای ئەمرِۆدا ئیدیعای بەرِیٚوەبردنی کۆمەلٚگا بکات لانی کەم دەبیٚ ئەوە لە خۆی نیشان بدات کەگرنگترین خزمەتگوزاریە مەدەنیەکانی ئەم سەردەمە دابین بکات هەر لە کارەبا .. ئاو.. رِیٚگاوبان.. پۆست .. گەیاندن ..خانوو .. هتد.ئەمانە گرنگترین پیٚکهاتەی ژیانی هاوچەرخی ئەم سەردەمە و ئامرازی سیستەمیٚکی مەدەنیِ بۆ بەرِیٚوەبردنی کۆمەلٚ مەگەر کۆمەلٚگا بکەویٚتە ژیٚر دەستی تاقمیکی تالاٚنچی وەکو ناسیۆنالیستی کورد و تاقمیٚکی کۆنە پەرستی وەکو تالیٚبانەوە.

بەداخەوە دوای راپەرِینی 1991 ئەوەی لە کوردستان رِوویدا دەسەلاٚت و سەرمایەی کوردستان کەوتە ژیٚرچنگی ئەحزابی کۆنە پەرست و عەشیرەتی ناسیۆنالیستی کوردەوە و بزووتنەوەی چەپ و شورایی کوردستان نەیتوانی دەسەلاٚت بگریٚتە دەست .

دەسەلاٚتیٚك کە هاتە کایەوە لە کوردستان هەر لە سەرەتاوە حزب و لایەنەکانی لەسەر دابەشکردنی ناوچەکانی دەسەلاٚت ونفوز و تالاٚنی و دزینی داهاتی گومرگەکانی کوردستان کەوتنە بەرامبەرکیٚ و شەرِی ناوخۆوە لەگەلٚ یەکتر. بیٚگومان حزب و بزووتنەوە و دەسەلاٚتیٚکی لەم چەشنە ناتوانیٚ بیر لە خزمەتگوزاری خەلٚکی بکاتەوە و کۆمەلٚکایەکی رِۆتیِن و مەدەنی ببات بەرِیٚوە.!

بە کورتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد دەسەلاٚتی بۆ بۆ گۆرِینی کۆمەلٚگای کوردستان و خزمەتکردنی خەلٚکی کوردستان پیٚویست نەبوو . بەلٚکو بۆ سەپاندنی دەسەلاٚتی تاکە حزبی و تالاٚن و برِۆکردنی سامانو لووشدانی سەرمایەکەی بوو .

بزووتنەوەیەك ئەمە عەقلٚیەت و بەرنامەی بیٚت بیٚت بیٚگومان دەسەلاٚت و ئیدارەیەکی تاسەر مۆخ گەندەلٚ بەرهەم دەهیٚنیٚت. بە گالٚتە نیە سەرکردەو بەرپرسەکانی ئەم دوو حزبە دەسەلاٚتدارەی کوردستان بوونەتە سەرمایەداری گەورە. لە رِاستیدا دووا بە فلسی سەرمایەو پارەو پولی ئەم دوو حزبە و سەرکردەو مەسئولەکانیان دەبوایە سەرمایەو پارەو پولی دابینکردنی خزمەتگوزاریە مەدەنی و کۆمەلایەتیەکان چەشنی کارەبا ...بووایە. نەك هی ئەوان.هەربۆیە دوابەفلسی پارەی حزبەکانیان و مەسئولەکانیان هی کۆمەلٚگاو خەلٚکە و بە زۆری دەسەلاٚت و میلیشیا چنگیان کەوتووە.ئەگەر رِۆژیٚك خەلٚکی کوردستان دەستی لە دەسەلاٚت گیر ببیٚت پیٚویستە حەق و حسابیان لەگەلٚ بکات ئەو پارە و پولانەیان بگیٚرِنەوە بۆ خەلٚك.

نەبوونی کارەبای کوردستان ئاکامی ئەوە بوو ئەم حزبانە چنگیان بەسەر دەسەلات وسەرمایەی و داهاتی کوردستانداگرت ئەو سەرمایەو داهاتەیان لە ماوەی ١٥ سالٚی رِابردوودا خستوویانە گیرفانی حزب و سەرکردەو مەسئولەکانیانەوە ئامادە نەبوون بیخەنە خزمەت کۆمەلٚگاوە. ئەوان ئەم تاوانەیان لەرِیٚگای دەسەلاٚتی

میلیشیایی حزبەکانیانەوە ئەنجام داوە.دەسەڵاتێکی گەندەڵی لەم چەشنە ناتوانێ خزمەتگوزاریە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانی وەکو کارەبا ئاو.. خانوو.. هاتوچۆ . پۆست و گەیاندن و گواستنەوە.. بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکات مەگەر لە ژێر فشاری جەماوەری نارازی و یەکگرتووی کوردستاندا نەبێت.

خەڵکی کوردستان دەتوانن کۆتایی بەم هەلومەرجە لەوانەش نەبوونی کارەبا بهێنن. کۆبوونەوەی خەڵك لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە دەوری یەکتر و پێکهێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری فراوانەکان دەتوانێ ،نارەزایەتی جەماوەری کوردستان لە ئاستی سەراسەریدا یەکگرتوو بکات و هاوکات بەرنامەو پرۆژەی تاییەت بۆ دابینکردنی کارەبا بەدەستەوە بگرن و سەرمایە و بودجەی ئەو بەرنامەو پرۆژانە لە ژێر چنگی دەسەلاتداران دەربهێنن.

ئەمرۆ خەبات بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریە مەدەنی و کۆمەلایەتیەکان ڕاستەوخۆ ڕووی لە پیچانەوەی کورسی دەسەڵاتدارانی کوردستان و سەندنەوەی سەرمایەو داهاتی کوردستانە لە حزب و سەرکردەو ڕابەرانی حزبدەسەڵاتدارەکانی کوردستان . خەڵکی کوردستان دەسەلاتێکیان ناوێت کە سەرمایەی وولاتەکەیان چنگ بەسەردابگرێت و تالانی بکات و ئامادە نەبێ دەست بەجێ بیخاتە خزمەتگوزاری ئینسانیەکان و خەڵکی کوردستانەوە.

سامان ئەحمەد

٢٠٠٤-٧-٨